# گەشەپێدانی زانیارینامە بەزمانی کوردی

**ئاراس نوری ئەحمەد- ئەڵمانیا**
Aras.Noori@gmail.com

زانیاریینامە (encyclopedia) بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاریی لەسەر بابەتێك یان زیاتر و، خالبەندی کردنی بەکلێشەیەك دەوترێت، کە خوێنەر بتوانێت زانیارییەکان زوو بدۆزێتەوە و لێیانەوە فێربێت.

لە ژیانی ئەمرۆماندا گەورەترین سەرچاوەی زانیاریی تۆڕی ئینتەرنێتە. لە ئینتەرنێتدا هەموو زانیارییەك لەرێگەی ئامێرەکانی گەرانەوە ئەدۆزینەوە، زۆرکەمن ئەوانەی کە لەدانیشتنێکیاندا سەرهێل پەی بۆ ئەم ئامێرانە نابەن، هەموو ناوی گووگل (Google) و یاهوو (Yahoo)یان بیستووە و بگرە زۆرینەیان کردویانە بەلاپەرەی دەستپێکی خۆیان. یەکێك لەو سەرچاوە بەرفراوانانەی کە هەنووکە هەموو ئامێرەکانی گەران لە پێشەنگی کردارەکەیاندا دەیدۆزن، ویکیپیدیایە (Wikipedia).

ویکیپێدیا چییە؟

زانیارینامەیەکی کراوەیە لە وێبگەیەکی (Website) ئینتەرنێتدا، تیایدا بەچەندین زمانی بەردەست زانیارییەکان پێشکەش بە سەردانکەران دەکات، هەموو کارێکی دان و وەرگرتنی زانیاریی تیایدا خۆبەخشانەیە. ئامانجی ویکیپێدیا پێکهێنانی زانیارینامەیەکی فراوانە "کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکانی مرۆڤ" کە بە زۆربەی زمانەکانی جیهان بابەتی لەخۆ گرتبێت و لەئاکامدا بە هەولێکی هاوبەش. زانستنامەیەکی بەلاش پێك دێت. ویکیپێدیا لەلایەن دامەزراوەیەکی ئەمەریکایی خێرخواز WikiMedia سەرپەرشتی دەکرێت .

ویکیپیدیا (Wikipedia) خۆی لە سیستەمێکی سەروودەقدا (hypertext) دەبینێتەوە، کە خوێنەرانی دەسەلاتی گۆرینی دەقەکانیشیان هەیە و دەتوانن دەقی نوێش بنووسنەوە. بەو پێیە دەشێت لەبابەتێکدا چەندین نووسەر کاریان کردبێت، ئەمە ئامانجێکی تری ئەم سیستەمەیە کە زانیاریی تەواو و پوخت لەسەر هەموو شتێك بهۆنرێتەوە.

فراوانبوونی ئەم زانیارینامەیە بەشێوەیەکی چاوەروانەکراوە، رۆژانە سەدان بابەتی نوێ بەزمانە جیاجیاکان زیاد دەکرێن، بەکارهێنانی پەرەدەسەنێت و، ناوبانگێکی رەهای پەیداکردوە کە وێبگەکەی لە یەکێك لە١٠ وێبگە گرنگەکانی ئەمرۆ دەژمێردرێت. شایەنی ناوبردنە کە ویکیپێدیا تەنها پرۆژەی ئەم دامەزراوە نییە، بەلکو پرۆژەی تری وەك فەرهەنگی چەند زمان، زانیارینامەی هونەری، وێژەیی، زانستیی ..هتد هەیە.

بۆ زانیاریی زیاتر،
ئینگلیزی:
http://en.wikipedia.org/wiki/Wikipedia
بە کوردی:
http://ku.wikipedia.org/wiki

### زمانی کوردی

خۆشبەختانە چەند کوردێکی خۆبەخش دەستیان وەشاندوە لەم بوارەدا و، شوێنیان بۆ زمانی کوردیش گرتووە، هەردو دیالێکتی کرمانجی سەروو بە پیتی لاتینی و، سۆرانی بەپیتی عەرەبی لە ویکیپێدیادا دامەزراوە. تایبەتمەندیی هەرە گرنگی ویکیپیدیای کوردی لەوەدایە کە تائێستا هیچ ئینسایکلۆپیدیایەك بە زمانی کوردی بەتەواوەتی نەنوسراوە. هەروەها یەکەم جاریشە ئینسایکلۆپیدیایەکی کوردی لەسەر ئینتەرنێت بلاوبکرێتەوە. بەشە کوردیەکەی ویکیپیدیا لە ٧ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤ دا بە هەولی ئەردال رۆناهی دامەزراوە. ئاراس نوری کاری وەرگێرانی ویکیمیدیای کردوە بۆ سۆرانی وە، لە ٢٠٠٧/١٢/٢٨ دا بەرێوەبردنی سیستەمەکە بەسۆرانی زیادکراوە، تاکوو ئیستا وەرگێردرانی لە برەودایە. هەنووکە تیمێکی بەرێوەبردن بۆ بەشی سۆرانی سازدراوە، کە بەرێز ئاسۆ مەحمودی بەرێوەی دەبات. بێگومان هەم لە وەرگێران و هەم لە بەرێوەبردندا هاوکاریی پیویستە.

تاکوو کێشەی چەپ بۆ راستی لاتینی کرمانجی چارەبکرێت لەگەل سۆرانی، لە ٢٠٠٩/٤/٥ دا داخوازینامە پێشکەش کرا بۆ جیاکردنەوەی سۆرانی و دانانی بەشێکی سەربەخۆ، پاشان لە ٢٠٠٩/٤/١٧ زمانێکی نوێ دروست کرا بۆ ویکیمیدیا بەناوی سۆرانی، هەموو بابەتەکان گواستراونەتەوە بۆ بەشە نوێیەکە.

ئەم تیمە کارەکانیان تەنها بەرێوەبردن و چاککردنی بابەتەکان نەبووە، بگرە چەندین بابەتیشیان زیاد کردوە بۆ بەشە کوردییەکان. بەردەوامیش لەهەولی ناسینی ویکیپیدیا دان بەمەبەستی دەولەمەند کردنی بەشی کوردی.

بۆ وێنە پەیوەندی کراوە بە"رادیۆی نەوا" کە چەندین بابەت و لێکۆلینەوەی وێژەیی، هونەری، مێژووی، جوگرافی و، زانستی دیکەی سەر وێبگەکەیان خستۆتە خزمەت ئەم پرۆژەیە بەخۆرایی، بەم زووانە لە پرۆسەیەکدا هەموو بابەتەکانیان دەخرێتە ناو بەشی سۆرانی، بێگومان وەکوو مافی خۆیان سەرچاوە بەناوی خۆیانەوە دەمێنێتەوە. لێرەوە جێی خۆیەتی کە سوپاس گوزاریی خۆمان بۆ رادیۆی نەوا رابگەیەنین و هیوادەخوازین کە نموونەیان زۆربێت.

کارکردن لەم سیستەمەدا خۆبەخشانەیە و چاوەروانی ئەوە مەبە کە سوپاسنامەت بۆ بێتەوە، بەلام هەموو کردار و چالاکییەکت لە سیستەمەکەدا پارێزراوە، گەر خەلات دابەشبکرێت، ئەوا دامەزراوە خێرخواکانی هاوپۆل کەسالانە کۆنگرە دەبەستن، ئەوانن ناوت دەهێنن و خەلاتت پێئەدەن لەسەر ئەو چالاکیی و خۆبەخت کردنەت.

لەبەشی کوردیدا رێنوومایی کراوە کە چۆن دەتوانیت هەژمار بۆ خۆت بکەیتەوە و بەشداری بکەیت لە گەشەپێدانی بەشی کوردیدا، ئەم رێنومایی و یارمەتیانەش بەشێکن لە سیستەمە وەرگێردراوە کە رۆژانە و بەردەوام کاریان لەسەر دەکرێت.

### هەندێك ئامار لەسەر بەشی سۆرانی

هەنووکە بەشی سۆرانی ٥-١٠ نووسەری زۆر چالاکی هەیە، کە رۆژانە بابەتی نوێ زیاد دەکەن و بەباتە نووسراوەکانیشدا دەچنەوە.

ژمارەی بابەتەکان لە بەشی کوردی کرمانجی سەروو، شێوە نووسینی لاتینی، تاکوو ئەمرۆ تەنها ١٣٢٥٧ بابەتن، سۆرانی شێوە نووسینی ئارامی ١٨٨١ بابەت و زازاکی پتر لە ٣٠٠٠ بابەتی لەخۆ گرتووە لە هەموو بوارەجیاجاکاندا.

هەندێك کەسایەتیی کورد، خۆیان ناونووس کردوە و باسی ژیاننامەی خۆیان تیا کردوە، هەندێکیش باسی جیاجیایان پێشکەش کردوە. بەتەنها بەشی سۆرانی، رۆژانە ٣٠٠٠٠ سەردانکەری هەیە و، روو لە زیادبوونە.

زمانی کوردی هەنووکە ١٦٤ هەمینە لە ریزبەندی زمانەکاندا بۆ دەولەمەندی، بۆ ٣٥ -٤٠ ملیۆن کورد زۆر کەمە، لەکاتێکدا زمانی لیتوانیایی بە ٣،٥ ملیۆن کەسەوە ١١٠٠٠٠ وتاری هەیە و ٣٠ هەمینە، زمانی ئینگلیز بە پتر لە ٣،٣ملیۆن پێشرەوی زمانەکانە.

| | | |
|---|---|---|
| | ئینگلیزی | ٣٣٣٨٧٣٣ |
| de | ئەلمانی | ١٠٨٧٨٧٥ |
| fr | فەرەنسی | ٩٦٤٩٧٧ |
| pl | پۆلۆنی | ٧١١٤٨٧ |
| it | ئیتالی | ٧٠٢٨٢٥ |
| ja | یابانی | ٦٨٧٢٣٩ |
| es | ئیسپانی | ٦١٦٠٠٤ |
| ckb | کوردی سۆرانی | ١٨٦٤ |

### پشتیوانی وەزارەتی رۆشنبیریی

وەك باسکرا، ئەم زانیارینامەیە هی لایەنێکی دیاریکراو نییە و هی هەموانە، دەولەمەندکردنیشی ئەرکی هەموانە. من پێموایە لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی راگەیاندن هەیە، زۆربەشیان وێبگەیان هەیە کەباس لە کار و چالاکی وەزارەتەکەیان دەکات، ئینتەرنێتیان لەبەردەستدایە و، کارمەندیان هەیە. لەم روانگەیەوە دەکرێت ئەوانیش رۆلی خۆیان ببینن لە دەولەمەندکردنی بەشی کوردیدا. بۆ وێنە: لە ئینتەرنیتدا وەزارەتی گەیاندن بابەتی هەیە لەسەر "کێبلی تیشکی"، وەزارەتی ژینگە چەندین بابەتی هەیە لەبواری ژینگە "پیسبوون، تیشکەکان، ژینگەی کوردستان، ..هتد"، دەکرێت بخرێنە سەر ئەم زانیارینامەیە (بێگومان وەزارەتەکانی تریش هەموو سەرچاوەیان زۆرە من تەنها ئەو دووانە بە نموونە دەهێنمەوە).

وەزارەتی رۆشنبیریی پێویستە گرنگی بدات بەم زانیارینامەیە، لەکاتێکدا کە هیچ پارەیەکی تێناچێت و ئەرکێکی نیشتمانییە کە پێگەی زمانی کوردی لەو زانیارینامەیەدا پتەوبکرێت تاکوو هەموو تاکێکی کورد لەهەر شوێنێکی دونیادا بێت سوودمەند بێت لێی. لەگەلیدا بوونی زانیارینامەیەك سەرهێل (online) دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کورد، هەموو کات دەتوانرێت ئەم سەرچاوە گەورەیە بخرێتە سەر کاغەز و بکرێت بەکتێبێك.

رووی زمانم بۆیە کردۆتە وەزارەتی رۆشنبیریی چونکە ئەوان بە لێپرسراوی فەرمی ناو حکومەت دادەنێم بۆ راژەکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی و ئاستی زانستیی کورد لە باشووری کوردستان، ئەوانن دەتوانن رێنوێنی دەربکەن و چالاکی لەناو حکومەتدا ببزوێنن.

### دامەزراوێکی حکومی یان پشتیوانی

من دروست کردنی دامەزراوەیەکی حکومی بۆ ئەم مەبەستە بەباش نابینم، هەم لەرووی ماددیەوە دەبێتە ئەرك، وە هەم بۆ دابینکردن و سەرپێ کردنی دامەزراوەکە پەستان دروست دەبێت لەسەر حکومەت، ئێمە سەرچاوەمان لەبەردەستدایە، دەستی کارمان هەیە و، دەکرێت سوود لەو کارمەندە زیادانە وەربگیرێت کە لەوەزارەتەکاندا هەن، تاکوو بابەتەکان کۆبکەنەوە و لە ویکیپێدیادا زیادی بکەن. هەر بەرێوبەرایەتییەکیش دەتوانێت لەئاستی خۆیەوە هەلەتێك بۆ برەودانی زمانی کوردی لەو زانیارینامەیەدا بەرپا بکات. جگە لەوە ستراتیژییەتی ویکپیدیا بەو ئاراستەیە دەروات کە ناحکومی بمێنێتەوە و ئازاد بێت. لە ولاتان هەست کردن بە ئەرکی نەتەوایەتی و بوونی چەندین رێکخراو و کۆمەلە لەو بوارەدا پشتیوانییەکی پتەون، ئەکرێت ئێمەیش سوود لە تاقیکردنەوەی گەلانی تر وەربگرین و بوونی خۆمان بسەلێنین.

### پرۆژەیەك تەنها بۆ کورد

کورد دەتوانێت خۆی بەتەنها زانیارینامەیەك بۆخۆی دابنێت، لەسەر هەمان بنچینەی کارکردنی کە لەسەرەوە باسکرا. هاوکات سوودیش لە سەرچاوەی ویکیپێدیا وەربگیرێت هەم وەکوو سیستەمی بەرێوەبردن و هەم وەك بنکەیەکی زانیاریی.

بەلام کە ئەو سیستەمە ئامادەکراوە هەبێت، ئەوا پێویستمان بەدانەیەکی هاوتای ئەو نابێت.

حکومەت دەتوانێت زانیارینامەی نوێ دروست بکات لەسەر بەرێوەبردن و کارنامەی دەزگا و بەرێوەبەرایەتییەکان، یاخود لەسەر مێژووی کورد بەتەنها، وەیان هەر بوارێکی تری بایەخدار. نموونەی کاری لەو شێوەیە کە کورد بەتەنها بۆ خۆی پێی هەستابێت، لە گرووپی چاوگدا (www.chawg.org) دەبینرێت، لەوێ بۆ بواری دارشتنی مالپەر و بەرنامەکردنی PHP و CSS بەنموونە دەبینرێن.

شایەنی باسە بەرێز "هاوری باخەوان" کوردپیدیای داناوە (http://www.bakhawan.com/kurdipedia) کە هەنووکە مافی لەبەرگرتنە ناپارێزێت و کارپێکردنی سەختە و، وێنە و بەستەری نییە. بەگشتی هەولێکی زۆر جوانی داوە و جێی شانازییە، دەکرێت بکرێت بە سەرچاوەیەکی پتەو و سوود لە شارەزایی ئەو بەرێزە وەربگیرێت لەم رووەوە.

لەکۆتاییدا پێم خۆشە سوپاسی هەموو ئەو کوردانە بکەم کە کاتی خۆیان تەرخانکردوە لەم پێناوەدا و خۆبەخشانە وەك سەربازی ون کار دەکەن. بەهیوای کاردانەوەیەکی دلخۆشکەرانەی وەزارەتیش دەبین لە داهاتوویەکی نزیکدا کە جێدەستێکی باش نیشان بدەن لەم گۆشەیەوە.







## ماڵپەری ژوان دۆت نێت تاکە ماڵپەرە ئێف وەن بڵاودەکاتەوە

